

# عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکان..

## عێراق بە نموونە

ن: کەریم مەروە          و: مەریوان محەمەد شەریف شوانی

**جیاوازییەکانی ئەم سەردەمە مایەی گرنگیو گفت گۆو مشتو مڕن - لەبارەی سەردەمەکانی پێشوو نادوێم- لە ولاَتانی نەتەوە گەورەکاندا، بەتایبەتی لە ولاَتانی جیهانی سێیەمدا لەگشت ئەو سەردەمانەی پاش سەربەخۆییان، کە نەیان توانیوە لەگەڵ کەمە نەتەوەییەکانی ولاَتەکەیاندا بەشێوەیەکی راستو رەوا هەڵسو کەوت بکەن، هیچ هەوڵو تەقەلایەکیان نەداوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو رێگایەکی تریان گرتۆتە بەر کەهەمان ئەو رێگایەیە کە ولاَتانی داگیرکەر گرتوویانە بەر لەهەڵسو کەوتکردنیادا بەرامبەر نەتەوەکانی ژێر دەستە، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەو نەتەوە گەورانە. لەوانەش بەتایبەتی نەتەوەی عەرەب، لەماوەی دەیان ساڵی دوورودرێژدا لەهەندێ حاڵەتی دیاریکراوداو لەماوەکانی چەند سەدەیەك لەهەندێ حاڵەتی تردا.**

دەســـەڵاتداران و دەســـەڵاتدارانی ئەولاتانـــە لەســـەردەمە جیاوازەکانــدا بەدێـژای ســەدەیەك زیـاترو بـەردەوام جۆرەهـا شـێوەی جیـاوازی سـەرکوت کـردن و نەهامـەتی و زەلیلکردنـی کەمــە نەتەوایەتیــەکایان پیــادەدەکرد،ئەمــە بێجگــە لــە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لەلایەن نێو دەوڵەتیەوە وەکو چــەکی بایەلۆجی وهاوشــێوەکانی بەشــێوەیەك لەشــێوەکان پــەنایان بـۆ کۆمـەڵ کوژی بردبوو ، بـۆ نموونـە بـەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە لەکوردستانی عێراقدا، کە نموونەیەکی زیندووی بەرچاوە لەبارەی دڕندایەتییانەوە.

ئەولۆجیکەی حکومەتـە یـەك لـە دوای یەکـەکانی ئـەم ولاتانـە لەوپەری کیشوەری ئـەفریقاوە بـۆ ئەمپـەری رۆژهـەلاتی ئاسیا پـشتی پـێ دەبەسـتن لـە ئاسـت کەمـە نەتەوییـەکان بـە ولاتـە عەرەبیەکانیـشەوە، ئەوەیـە کـەوا دەزانـن تـەنها دانـان بـەو نەتەوانـەو رێگـە پێـدانیان بەمومارەسـەکردنی مافـەکانیان، بەرەوجیابوونەوە دەچن لەولاتی دایك. ئەوە لەتێڕوانینی ئـەو حکومەتانەدا هەڕەشەیە لە سەر یەکێتی نیشتمان، کەواتە بەم واتایـە بـێ ئـەوە خـودی ناپاکییـە، کـە ئەنجامـدەرانی ئـەو بیرۆکەیـە شایـستەی ئەوپـەری گـەورەترین سـزان، بەسـزای کۆمەڵکوژیشەوە، یان هاوێشێوەکانی کەدەگەنە ئەورادەیە. لەم هەڵوێـــستەشدا بەتایبـــەتی لەلایـــەن ئـــەو ولاتانـــەو سەرکردەکانیانەوە ، گوزارشتێکی بەدئەخلاقی و نکوڵی کردنـە لەئاست بنـەمای پرەنـسیپی کۆن، کـە ئـەویش مـافی پیرۆزی بڕیاری چارەنووسی میللەتان و نەتەوەکانە .

سەیرەکە لێرەدا ئەوەیە، وەکو ئامـاژەم پێکرد، سـەرکردەکانی ئـەو ولاتانـەو توێـژە سیاسـیەکان و رۆشـەنبیرەکانی نـاوەوەو دەرەوەی دەسەلات، کە سـەر بەنەتـەوە زۆرینەکـەن، رۆژگارێك پێش سەربەخۆیی ولاتەکانیان و رزگاربوونیان لەدەست ولاتانی ئیمپریـالیزم، خـودی ئـەو ولاتانـە ئامـانجی راسـتەوخۆی چـەندەین شـێوەی چەوسـانەوەو داپلۆسـین و پـەژارەبوون، رۆشەنبیرو ناسـنامەی نەتەوایـەتیان ، بەناچاری ، روو لـە نـاو

ئەولۆجیکەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم ولاتانە لەوپەری کیشوەری ئەفریقاوە بۆ ئەمپەری رۆژهەلاتی ئاسیا پشتی پێ دەبەستن لە ئاست کەمە نەتەوییەکان بە ولاتە عەرەبیەکانیشەوە، ئەوەیە کەوا دەزانن تەنها دانان بەو نەتەوانەو رێگە پێدانیان بەمومارەسەکردنی مافەکانیان، بەرەوجیابوونەوە دەچن لەولاتی دایك.

چــوونو تێکهەڵکێــشکردن بــوو بــەکلتووری وڵاتــانی داگیرکــەر، زمــانی نەتــەوەییان هەڕەشەی سڕینەوەو لەناوچوونی لێ ئـەکرا بـۆ بەرژەوەنـدی زمـانی وڵاتـی داگیرکـەری ئیمپریالیزم ، (بەتورکی کردنوفەرەنسی کردن) دوو نموونەن .
زۆر دژوارە لــەم بــوارەدا دەســت بکــەین بــە لێکۆڵینەوەیــەکی گــشتی رووبــەرێکی بەرفراوانی زەوی، کە یەك لە سەر شەشی دانیشتوانی جیهان دەگرێتـەخۆی، ئەمـەش کارێکی وا ئاسان نیەو دژوارە، من هەڵوەستە لەسەر ئەو لایەنانە دەکەم کە مەبەستمە لـەم پرسـەدا. مەبەسـتم ئـەو لایەنانـەی کەتایبـەتن بەوڵاتـە عەرەبیـەکانمان، لەبـەر ئەوەی ئەم پرسە لەوڵاتـەکانی ئێمـەدا زیـاتر لەمـشتومڕو دیالـەکتیك هـەڵ ئـەگرێو گرنگیو بایەخی پێدەدرێو لەسەر ئاستی جیهان پرۆتستۆ دەکرێ. ئەوەی جێی داخـە لەم دیمەنەدا چەند دیەیەکـە دوبـارە دەبێـتەوە (دیمـەنی زۆربـەئازار)کەئـەویش ئـەو لەیەکــچوونە کــۆ دەنگیــە گــشتیەی نێــوان رەوتــەکانو بــژاردە سیاســیەکانو رۆشەنبیرەکانە- لەسەر ئاستی دەسەڵاتی فەرمیو لەسەر ئاستی حزبودامـەزراوەکان – بــە تێکــرا کــۆکبن لەســەر نکــوڵی کــردنو داننــەنان بــەمافی نەتــەوەیی کەمینــە نەتەوەییەکانی ناو وڵاتەکانیان. تەنانـەت سادەترین شێوەو گوزارشتەکانیان ، لێـرەدا ئەمەپەیوەنـدی بـە مـافی چارەی خۆنوسـینەوە نییـە، مەبەسـت ئـەو مافانەیـە کـە فاکتەرێکی بنەڕەتی رەوای مافەکانی مرۆڤ پێك دێنن، تەنانـەت لـەویش سادەتر، ئـەو کەمە نەتەوەییانە مافی خۆیانە بـەئازادیو بەسەربەسـتی گوزارشت لـەخودی خۆیـان بکــەنو، گوزارشــت لەناســنامەو کلتــوری نەتەوایــەتی خۆیــان بکــەن لــەو وڵاتــەی کـەئینتمایان پێـی هەیـەو سـوورن لەسـەر ئـەوەی کەبەشـێکی پێکهاتـەی ئـەو وڵاتـەو گەلەکــەین، مــافی یەکــسانی بوونیــان وەك ئــەوانی ترهــەبی لەگــشت کاروبــارە گــشتییەکاندا، لەهــەموو شــتێکی کــە پەیوەنــدی بــەکاروباری تایبــەت بەکۆمــەڵو تاکەکانەوە هەیە، وەك یەك ، بەتایبەتی ئەوەی سەیرو جێی سەرنجە لەم دیمەنـەدا — زۆر سەیربێت – ئەوەیە ئەم رەفتارەی کە پەیڕەو دەکرێ لەلایەن نەتـەوەی زۆرینـەوە دژی کەمە نەتەوایەتیەکان لەوڵاتەکەماندا، لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی ئیسرائیل بێباکانە گــەلی فەلەســتین دەچەوســێنێتەوەو هەمیــشە رێگــرە لــە بــەردەم مــافی رەوای بەدەســتهێنانی ئامانجــە نیــشتمانیەکانو ســەربەخۆیی بوونیــانو، گوزارشــت کــردن لــەخۆیو پێناســەی نەتەوایــەتیو رۆشــەنبیریو قــەوارەی مرۆڤایــەتیوخاكو نیــشتمانەکەیو تایبتمەندییــەکانی تــری مێــژوو. ئەمــەش لەئــەنجامی لاوازیو بێدەسـڵاتیی رەهـای وڵاتـە عەرەبیـەکانی هێـزە سیاسـیەکانە کـەناتوانن بـە فیعلـی هاریکاریـان بکەنو یارمـەتیان بـدەنو پاڵپـشتی خـەباتو تێکۆشانە قارەمانیـە پڕ لـە

قوربانیـەکانیان بکـەن. نهێنـی ئـەم ڕەوشـە مرۆڤایەتیـە قێزەونـە چیـە ؟ کـە بـەهۆی بەردەوام بوونیـەوە لەوڵاتەکەمانـدا مێژووەکـەمانی نـابووت کـردووە، سیاسـەتێك نیـە بتـوانێ ئـەم وڵاتانـەی لێ ڕزگـار بکـات لـەپێناوی ئازادیـدا بـۆ هـەموو هاووڵاتیـانو هێنانەدی پێشکەوتنی وڵاتەکانمان لەگشت بوارەکاندا، ئەو پێشکەوتنەی کە بەهۆیـەوە نیـشتمانەکانمان لەدەسـت دواکەوتوویی‌وسـتەمکاریی ڕزگـاری بێـت، کـە تەحـەکوم بـە وڵاتـانو بەچارەنوسـی گەلـەکانی دەکـات، بـەرەو گۆڕانکاریـە گـەورەگانی هاوچـەرخ بڕواتو بەشداری بنیاتنانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بکات !. سـەیری مێـژووی دوورو درێژی شەڕی ناوخۆی وڵاتانی عێراقو سوودانو وڵاتانی تری عەرەب بکەن بۆ ئـەوەی بیسەلمێنن کە سیاسەتی چەوسانەوەی نەتـەوەیی وێرانکـەرە نـەك بنیـات نـەر، چـوون بـەرەو دواوەیـە نـەك بـەرەو پێـشەوە، زۆرینـەی زۆری ڕۆڵـەکانی نیـشتمان نەتـەوەی گەورەو کەمینە نەتەوایەتیەکان قوربانی ڕاستەوخۆی ئەو سیاسەتە بن.

کێشەی عێراق بەتەنها کورد ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو کەمـە نەتەوایەتیـەکانی تـر لـە تورکمانو کلدانو چەرکەسو ئیزیدیو مەندائیش (صابئة) دەگرێتـەوە. بـەڵام کـورد کۆنترینو ڕەسەنترن لە گشت  مێـژووی ناوچـەکەدا، چونکە ژمـارەی کـورد لـە هـەموو کەمـە نەتەوەییـەکانی تـری عێـراق زۆر تـرن. چواریەکی ژمـارەی دانیـشتوانی وڵاتـی عێراق پێـك دێـنن. هەرچـەندە گـەلی کـورد ڕەگـو ڕیشەیەکی مێـژوویی کـۆنی هەیـە، بـەڵام نـەی توانیـوە، هـەروەکو مێژوونووسـەکان دەڵـێن، بـەهۆی چـەند هۆکارێـكو بارودۆخێك کە دیارترینیان چەوسانەوەو داپلۆسین بووە لەلایـەن نەتـەوە زۆرینـەکان لـەوڵاتانی ناوچـەکەدا، بۆیـە نـەیانتوانیوە قەوارەیـەکی سـەربەخۆ لـەهیچ کـام لـەو وڵاتانەدا بەدەست بهێنن. مێژوو نوسان ئەوەش دەڵێن کە ئەم میللەتە زیـاتر لەهـەزار شۆڕشی بەرپاکردوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانیـدا بۆئـەوەی بـەپێی داواکاریـە ڕەواکـەیان جـۆرە قەوارەیـەکیان هـەبێت لـەناو قـەوارەی ئـەو وڵاتانـەداو، پێگەیـەکی نەتـەوەیی خۆیـان هـەبێت وەك بەشـێکی پێکهـاتووی ئـەو وڵاتانـەو گەلـەکانیان.. هـەموو ئـەو شۆڕشـانە کـپ کراونەتـەوە ، بەمـەش هێنانـەدی خواسـتی نەتەوەیی کورد لە باربراون، یان دواخراون، دۆخەکە لە سـوودانیش بەهـەمان شـێوەی عێـراق لەناوەڕۆکدا هـیچ نـاگۆڕێ، سـوودان وڵاتێکـی ئـەفریقایی کۆنـە، عەرەبایـەتی لـەڕێگای ئـایینی ئیـسلامەوە گەیـشتۆتە ئـەوێ . لەبەرئـەوە سـوودانیەکان بـەپێی ئـەم واتایـە، کـراون بـە عـەرەب واتـە (مـستعرب)ن ، هـەروەکو زۆرێـك لەعەرەبـەکانی هاوزەماندا . بەپێی ڕۆژگـار ئیـسلام تـوانی زۆرینـەی ئـایین لـەم وڵاتانـەدا پێك بێنـێ، سەرەڕای ئەوەی کەمینەیەکی تری ئایینی وەکو کریستو بت پەرست(وثني) لـەناو

هـەنێ لـە خێڵەکانـدا هـەبوون، ئەگەرچـی سـوودانیەکانی ئـەفریقا درەنـگ دۆزی نەتەوایەتیو ئایینیان خستە ڕوو لە ناو وڵاتی سوداندا ، هەر لەگەڵ باسکردنی پرسی مافی نەتەوەییدا خستیاننە ناو قەفەزی تۆمەتی هەڕەشەکردن لە یەکێتی خاكو نیشتمان، لەبەر ئـەوە موسـتەحەقی سـزایان کـردن ، هـەرێمی دارفـۆر، ئـەمڕۆ، نموونەیـەکی تـری چەوسـانەوەی نەتەوەییـە لـە سـوودان،دوای ئـەوەی ڕێکـەوتنی ئاشتەوایی لەگەڵ بزوتنەوەی میللی لەباشوری سوودان هاتە کایەوە .

هەنـدێ لەناسیۆلیستەکانی عـەرەبو ئەوانـەی خۆیـان بـەخاوەنی دۆزی نەتەوایـنـەتی دەزانن لە بری زۆری تر بێجگە لەخۆیان، دەڵێن: نوێنەرانی کەمە نەتەوەکان،ئەوانـەی بژاردەی سیاسیو ڕۆشەنبیریو کۆمەڵایەتین، ئەوان خۆیان بەرپرسیارن لە ئاست ئـەو ڕەوشەی خۆیانو ئەودۆزەی نەتـەوەکانیان تێی کـەوتوون. بـە سوربوونی ئـەوانو واز نـەهێنانیان لـە بەدەستهێنانی مـافی نەتەوایـەتییان خۆیـان خستۆتە پێگەیـەکی یـان بارێکی جیا لە هاوڵاتیانی نەتەوە زۆرینەکە ! هـەروەها دەڵێن هەڵـەی کوشندەی ئـەو کەمە نەتەوەییانە ئەوەیە جا چ لە عێراق بێت یان لە سوودان، ئەوان خۆیـان بـەهێزە دەرەکیەکان بەهێز دەکەن بۆ بەرگری کردن لـە داواکاریـەکانیان دژی براکانیـانو دژی نیشتمان ! ئەم کارە لەروانینی ئەو برایانەیاندا وای لێکـردون کەبیانـچوێنن بـەتابوری پێنجەم دژی یەکێتی خاكو قەوارەو گەلەکەی !. هیچ کام لەو ناسیۆنالیستانە لـەخۆی نەپرسیوە هـۆی چیە؟ یـان ئـەو هۆیانـەی ئـەو شەڕوشۆڕشـەیان خوڵقانـد بـۆ ئـەوەی سەرکردەکانی کەمەنەتەوەکان لەگەڵ هەندێك لە سـەرکردەکانی نەتـەوە زۆرینەکانـدا ئەو هەڵانە بکەن.ئەوەیان لە بیر چووە کە ئـەو ڕەوشـە پـڕ لـە مەینـەتیو نەهامەتیـە (کـردارو پەرچـەکردار)ی هەیـە بەئەنـدازەی ئـەوکردارەی کـە نـەگۆڕەو لـە هـەمان سەرچـاوەوە دروسـت دەبێـت ،بابـەبیری خۆمـانی بێنینەوە،کەهەنـدێ لـەو کەمـە نەتەوەییوئایینانـە لـەپاش سـەردەمانێکی دوورودرێـژی چەوسـانەوە بـە ڕێکـەوتی مێـژوویی گەیـشتنە دەسـەڵات، ئەوانـە هـەمان ئـامرازی چەوسـانەوەو داپلۆسـینیان پەیڕەو دەکرد دژی نەتەوەکانو ئایینە گەورەکانی تر کە ئەوان خـودی خۆیـان پێشان قوربانی هەمان چەوسـانەوە بـوون، بـەڵام ئـەوەی زیـاتر لێـرەدا سـەرنج ڕاکێشەوجێی بایەخـە لـەم بـوارەدا ئەوەیـە کـە ئـەو ناسیۆنالیـستانەوهاوشێوەکانیان لـەدەربرینی هەڵوێستەکانیاندا خۆیان لەو بابەتە گێل دەکەن کەوەك یاسای بابەتی وایە کە دەڵێت : هەر میللەتێك هەوڵی بە زۆرسەپاندنی بەختیاری بەسەر میللەتێکی تـردا بسەپێنێ بەزۆری هێزو بەناچاری - ئەو بەختیاریەی کە خۆی بۆ ئـەو میللەتـەی دیاری دەکات لەجیاتی ئەوان-خـودی خۆی دەبێتـە قوربـانی ستەمەکەی خۆی. بـارودۆخی وڵاتـانی

عەرەب لە ئۆقیانووسەوە بۆ كەنداو بەروونی ئاماژە بەوە ناكات كە لە دێرزەمانەوە ستەمكاریو گەندەڵیو دواكەوتنو لێترازانی كۆمەڵگاكان تیایاندا زاڵەو سیستمی خێڵەكی بەچەندین جۆر تیایاندا باوەو بەهەموو شێوەیەك ململانێیانە لەناو خۆیانداو هاو وڵاتیان تیایدا دەبن بە رەعیتو لە نزم ترین پلەدان ، میللەت دەكەن بە رەعیەتی سیستمێك كەخۆیان دەبن بە وەسی بەسەریانەوەو هیچ بیریان لێناكەنەوە تەنها بەتەئكیدكردنی دەسەڵاتو بەرژەوەندیەكانیان نەبێت.

لەراستیدا ئەوەی كە مایەی نیگەرانیە عێراقو سوودان ئەو شاڵاوانەی دژی كوردو خەڵكی باشوری سوودان ئاراستە دەكرێن، لەكاتێكدایە كە ئەو دوو وڵاتە خۆیان ئامادە دەكەن. - ئەگەر ئەوكارە بە ئاراستەیەكی راستو درووستدا رۆیشت — بەرەو رەوشێكی تر بڕۆن، گریمان ئەوە باشترە لەدوای دەیان ساڵی پڕ لەستەمو نەهامەتیوشەڕی ناوخۆو سەركوتكردن كەزۆرینەی زۆری هەردوو نەتەوەكە چەشتوویانە.ئەو پرسیارەی ئەلێرەدا خۆی دەسەپێنێ سەبارەت بە عێراق، بەتایبەتی لەم كاتەدا كە پرۆسەیەكی دژوارو ئاڵۆز لەئارادایە بۆ ئازادكردنی عێراق لە دەست داگیر كەری بێیانیو پاشماوەكانی زوڵمو ستەمی كۆنو نوێ، ئەو پرسیارە راستەقینەیەی پێش هەمو شتێك پێویستی بەوەڵامدانەوەی خودی خەڵكی عێراقو هەموو عەرەبە ، بەتایبەتی عەرەبی وڵاتانی دراوسێی عێراق ، كاتی ئەوە نەهاتووە كە ئەم وڵاتە لەشەڕی ناوخۆو دەرەوە رزگاری بێت ؟ كاتی ئەوە نەهاتووە كە هەلێكی مێژوویی بڕەخسێو سەر لە نوێ میللەتەكەی یەكبخاتەوەو نەتەوەكانو ئایینەكانو گرووپە سیاسیەكانو كۆمەڵایەتییەكان لە سەر بنەمایەكی تۆكمەی دیموكراسی یەك بگرنەوە؟، بە دەستەبەركردنی راستەقینەیەكی وا نەهامەتیەكانی رابردوو جارێكی تر نەگەڕێنەوە ؟ دیموكراسیەتودەستەبەركردنو پشتگیریكردنێكی راستەقینە تواناكانی گەرانەوە بۆ مەینەتیەكانی رابردوو پەك بخات؟ ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە برایانی هاوسێی عێراق لەوڵاتانی دەوروبەر، بەتایبەتی عەرەبەكان درك بەوە بكەن كە پێویستە یارمەتی میللەتی عێراق بدەن بۆ رزگاربوونی گەلی عێراق لەمەینەتیەكانی هەنووكەو پێشوو، لەبری ئەوەی فوو بكەن بە ئاگری ئاژاوەو وروژاندنی نەتەوایەتیو تایەفەگەریو نیشتمانیو سیاسی بەهەمووشێوەیەك؟ یان ئەوە ترسی راستەقینەیە لای گشت دەسەڵاتدارە كاربەدەستەكان، ئەوانەی خاوەن توێرە كۆنەكانی ناسیۆنالیستین كە رۆژگاریان بەسەر چووەو باویان نەماوە بەهۆی ئەو گۆرانكاریە گەورانەی لەجیهانی هاوچەرخدا رویانداوەو روودەدەن؟ مەترسی لەوەی كە عێراق بتوانێت بەبریارێكی ناوخۆیی لەلایەن هێزەچالاكەكانیەوە فرە

ژمارەو فرە رەنگ بە جیاوازی فکرو سیاسەت، بەرەو ئاراستەی دیموکراسیەتوفرەیی بگۆڕدرێ هەنگاو بنێ لەسەر پاشماوەی گشت ئەو رابردووە پڕ ناخۆشیومەینەتیو پڕ شەڕوشۆڕو هەمووجۆرەکانی کوشتوبڕو وێرانکاریەوە. ئەوە ترسی بەرژەوەندیەکانو دەسکەوتەکانە کە بەردەوام دژی بەرژەوەندیەکانی گەلن لێرەو لەوێ، ترسی ئەو هێزانەی رووداوەکانی ژیانو گۆڕانکاریەکانی تەنگەژەکانی تووڕیاندایە دەرەوی زەمانە.لەوانەیە ئەوی زیاتر مایەی مەترسیە لەئایندە، سووربونی عێراقیەکانە لەولاتە عەرەبیەکانو تۆمەتبارکردنی کوردە بەوەی ئەوان داخوازیەکانیانومەترسیەکانیان زۆرقەبەوگەورە کردۆتەوە تا ئەو رادەیەی پشت ببەستن بە دوژمنانی عێراقو ئەمریکاو ئیسرائیل. ئەو سوربونەی ئەوان پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە گوایە جولەکە لەناوچەکانی کورددا بوونیان هەیە، کوردەکان ئەو تۆمەتەبان رەت کردەوە،چونکە ئەو کارە پێچەوانەی رەوتی بەرژەوەندیەکانی ئەوانە،هەروەهاچەندین سەرکردەی عێراقیش ئەوتۆمەتە رەت دەکەنەوە، تەنانەت تارادەیەکیش باراستی تیابێ – وەك گریمانەیەکی دیالەکتیکی – بوونی جولەکە لەناوچەکانی کورددا هەبێت واچاکترنیە، بەتایبەتی لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کاربکرێ بۆ نەهێشتنی ئەوهۆکارانەی بۆنەتە هۆی ئەم جۆرە کارانە؟

من وادەزانم شارەزایی باشم دەربارەی عێراق هەیە.کوردەکانی عێراق باش دەناسم. زۆر لە سەرکردەکانی لێرەو لەوێ دەناسم.رۆشەنبیرانی کورد زۆریان دەناسم.دەربارەی کلتورو دابونەریتی میللەتی کورد زۆر دەزانم. ئەگەر چی من شارەزای باشوری سوودان نیم، بەلام من شارەزای کوردستانی عێراقم، مێژووی کۆنونوێو سروشتە دلڕفێنەکەی شارەزام، خەلکە باشەکەیو دلسافەکەی دەناسم، هەموو ئەو زانیاریانەی کۆبۆنەتەوە لام لەئەنجامی بەدواداچوونو پەیوەندیەکانمو بایەخدان بە سیاسیەتە، کە خەریکی کردومو جێگەی لەژوورهەموو شتێکی ژیانمدا کردۆتەوەو سالانێکی زۆرە ئەم زانیاریانە وای لێکردوم ئەمڕۆ بریار بدەم کە کوردەکانی عێراق عێراقین، نێتی جیابوونەویەیان لەعێراق نیە. هۆکارەکان زۆرن لەژماردن نایەن،بەتایبەتی بەپلەی یەکەم پەیوەندی بە بەرژەوەندی خۆیانەوە هەیە، من ئەلێم سەرەڕای ئەوکەلێنانەی کەلە سیاسەتداو لە پەرچە کرداری هەلەی ئەو کەسانەی مومارەسەی سیاسەت دەکەنو تێی کەوتوونو هەمووئەوانەش پێگەی بەرپرسیاریەتیان لەئاست دۆزەکەی ئەواندا هەیە –ئەگەر چی ئەوانە عەرەب یان کورد یان سەر بە هەرنەتەوەیك بن، بەلام مەرجی سەرەکی بۆ یەکخستنی سیاسەتو رەفتار بەئاراستە سەرەکیەکاندا گوزارشت لە بەرژەوەندیەکانی عراق بکات وەك نیشتمانێك بۆ گشت رۆلەکانی،هەموو

عێراقیەك لەو بڕوایەدا بێت کەوا پێکهاتەی گەلی عێراق فرە رەگەزو فرە ئاینوفرە کلتوورە.

ئەوەش مەرجێکە ئاماژە بەپێگەیشتوویی کاروبارەکان دەکات لەعێراقی دوای سەدام، تەنانەت پێش رزگار بوونی ئەم ولاتە لەداگیرکاری بێگانە، ئەرکێکی مێژووییە لەسەر شانی هەموو عێراقیەك لەم قۆناغەی ئێستادا. بەتێڕوانینی من عێراقی ئاینده بەرەو سەردەمێکی جیاواز هەنگاو دەنێ ،کە جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لەچاوسەردەمەکانی رابردوودا، کە بە بەردەوامی خاكوخوێن تێکەڵ بە یەکتری دەبوون ، تاوای لێهات خاکی بەخوێن گلگوون بوو. لەبەر ئەوەی من گەلی سودان باش دەناسمو، باش شارەزای مێژووەکەیانمو،زۆرێك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی دیموکراسیەتیان تێدا دەناسمو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە رۆشەنبیرەکانی دەناسم، بۆیە من لەو باوەرەدام کەوا گەلی سوودانیش بەرەو هەمان رێبازی عێراقی ئەمرۆ دەچن .بە کوێرایی چاوی ئەو هێزانەی کە لەسەر پێچەوانەکەی گرەویان دەکرد، لەسوودانو لەدەرەوەی، لەپێگەی دەسەلاتو لەدەرەوەیدا،هەمیشە پرسی نەتەوەیی، لەعێراقو لە سوودان، لەگشت شوێنێکدا، بەلانی کەمەوە دوولا یان دووجەمسەری ناوخۆیی هەن، هەروەهاجەمسەرێکی دەرەکیش هەیە. ئەگەر یەکێتی ناوەوە هاتەدی ئەواهیچ رۆلێکی دەرەکی نامێنێو مەحاڵە لایەنی دەرکی بتوانێ ئەوەی دەیەوێت بیکات. تەنانەت ئەگەر پەنا بۆشەڕیش بەرێ بەخراپترین شێوەکانیەوە هەروەکو ئەم رەوشەی ئێستای عێراق.

پێویستە بەتەواوی چاو بە هزرە کۆنەکانماندا بخشێنینەوەو بەدروشمەکانمانو بەوچەمکانەی دەبارەی پرسی نەتەوەیی ولاتەکەمان هەمانە. لەبارەی پرسی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی گشتی ئەو چاوپێخشاندنە پێویستە بەهەند وەربگیرێت، یەکێتی ولاتەکەمان وەك ولاتانی تری جیهان، ئەو نموونە پێویستەی یەکێتی کەجیهان بەو ئاراستەیەدا دەچێت ،ئەو یەکێتیە بێت کە لێرەو لەوێ لە ناوخۆو جیهاندا ناتوانێت بەشێوەیەکی مرۆڤانەو عادیلانە بێتە ئەنجام ئەگەر لەسەر بنەماو بنکەیەکی دیموکراسیانەو مافی مرۆڤ نەبێتو دەبێ دانپیانانی مەبدەئیو کردەیی بەفرەییومۆزایکی نەتەوەییو رۆشەنبیری هەبێ، هەروەهاکارلێکردنی مرۆڤانەی نێوان ئەو نەتەوانەوکلتورە جیاوازانە لە پێناوی بەرژەوەندی ئازادیو پێشکەوتندا بەناوەڕۆکە جیاوازەکانیەوە بۆتاكوکۆ لە گشت ولاتێکدا بۆ گشت مرۆڤایەتی بێت.